# کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (کۆڤید_١٩)

# لەسەر ئافرەتی دووگیان و کۆرپەلە



## زانکۆی ڕاپەڕین – کۆلێجی پەرستاری

نیسانی 2020

**ئامادەکردنی: م.ڕێناس محمد خضر**

www.uor.edu.krd

# کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی (کۆڤید – 19) لەسە ئافرەتی دووگیان و کۆرپە

## ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید – 19) چییە؟

ڤایرۆسی کۆرۆنا، خێزانێکە لە ڤایرۆس چەند جۆرێکی هەیە لە نێوان ئاژەڵ و مرۆڤدا نەخۆشی دروست دەکات، ئەم جۆرە ڤایرۆسە جۆرێکی نوێیە کە پێشتر دەست نیشان نەکراوە لە مرۆڤدا، بەڵام لە ئێستادا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بڵاوبۆتەوە، نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە بریتییە لە (تا، کۆکە، ژانەسەر، هەناسەتەنگی، تێکچوونی هەرس) وە ئەگەر هاتوو ئەم نیشانانەی بە توندی گرت ژیانی نەخۆشەکە دەکەوێتە مەترسییەوە. دەکرێت نیشانەکانی توشبوون بەئەم ڤایرۆسە لە نێوان (2 بۆ 14) ڕۆژدا دەربکەون.

## کۆررۆنا (کۆڤید – 19) چ کاریگەریەکی هەیە لەسەر ئافرەتی دووگیان؟

ئافرەتی دووگیانیش هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ کەسانی تر کە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبن، بەڵکو بگرە ئافرەتی دووگیان هەستیارترە و زووتر تووشی ئەم ڤایرۆسە دەبێت چونکە لەسەرەتای دووگیانی جەستەیان لاواز دەبێت و بۆیە پێویستە خۆی بەباشی بپارێزێت.

بەڵێ کۆرۆنا (کۆڤید – 19) کاریگەری هەیە لەسەر ئافرەتی دووگیان و تووشی دەبێت وە ئەگەری ئەوەش هەیە کە کۆرپەلەکە لە سکی دایکیدا تووشی ئەم ڤایرۆسە ببێت، جا لە ڕێگەی وێلاشەوە بگوازرێتەوە یان لەکاتی لە دایك بوون بێت، بۆیە پێویستە ئافرەتی دووگیان ڕێگاکانی خۆپاراستن بگرێتە بەر و بۆ ئەوەی دووربێت لە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ.

هەروەها بەپێی چەند توێژینەوەیەك (کۆڤید – 19) کاریگەری هەیە لەسەر کۆرپەلە بۆی هەیە زوو لە دایك بێت لە پێش تەواوکردنی وادەی خۆی! هەروەها کە زانرا دایکەکە تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنایە پێویستە کۆرپەکە جیابکرێتەوە لە دایکەکە، دوای جیاکردنەوەی کۆرپەکە لە دایکی پێویستە پشکنینی تایبەتی بۆ بکرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بزانرێت کۆرپەلەکە تووشبووە یاخود نا، ئەگەر پشکنینەکە پۆزەتیڤ بوو، واتا کۆرپەلەکە تووشبووە پێویستە کۆرپەلەکە جیابکرێتەوە لە کۆرپەلەکانی تر و کەرەنتینە بکرێت.



## ڕێگەی گونجاو بۆ لەدایکبونی کۆرپەلە کاتێك دایك هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنابێت؟

ڕێگاکان بریتین لە ڕێگای ( **سروشتی** ) و ( **نەشتەرگەری** )

بۆلەدایکبوونی کۆرپەلەکە دەتوانێت بەڕێگەی سروشتی یان نەشتەرگەری ئەنجام بدرێت، وە لە حاڵەتی ناجێگیری تەندروستی دایکەکە کە تووشی تەنگەنەفەسی زۆرببێت ناتوانێت بەسروشتی منداڵەکەلەدایك ببێت، پێویستە ڕێگەی نەشتەرگەری بۆ ئەنجام بدرێت.





## ئایا (کۆڤید – 19 ) دەکرێت بگوازرێتەوە بۆ منداڵ لە ڕێگەی شیر پێدانەوە؟

تاوەکو ئێستا ئەو ڤایرۆسە لە شیری دایکدا (نییە ) نەدۆزراوەتەوە، بەڵام زانیاری تەواویش لەبەر دەستدا نییە تاوەکو دڵنیابین و توێژینەوەی زیاتری پێویستە..




شیری دایك منداڵ لە زۆر نەخۆشی دەپارێزێت، باشترین سەرچاوەی خۆراکە بۆ منداڵ، ئەگەر دایك هەڵگری ئەو ڤایرۆسەبێت، ئەوا دەبێت پزیشکی پسپۆڕی منداڵان بڕیار بدات لەسەر ئەوەی شیر بدات بە منداڵەکەی یان نا.

## چی بکەین بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ڤایرۆسەکە لەسەر ئافرەتی دووگیان؟

- ✓ شۆردنی دەستەکان زوو زوو بە ئاو و سابوون یان جێڵی پاککەرەوەی دەست.
- ✓ دوورکەوتنەوە لە هەرکەسێك کە نیشانەکانی کۆکە و پژمین و تەنگە نەفەسی هەبێت.
- ✓ تێکەڵ نەبوون لەگەڵ کەسانی کە هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنا ( کۆڤید – 19 ).
- ✓ جموجۆڵ و ئیشکردن لەماڵەوە کە شوێنەکەی گونجاوبێت.
- ✓ زیاتر بایەخ بە خواردنی تەندروست بدات و زۆر ئاو بخواتەوە.
- ✓ دوورکەوتنەوە لە شوێنە گشتییەکان بەتایبەتی ( کافێ و پارك و رێستۆرانت و مۆڵەکان )
- ✓ پێویستە دوور بێت لە کۆبوونەوەی هاورێی و خێزانی و دەست نەدان لە بابەتەکانی تەکنەلۆژیا..
- ✓ پۆشینی دەمامك و دەستکێش لەکاتی پێویستدا.
- ✓ بۆ دەستکەوتنی پێداویستییە خزمەتگوزارییەکان پێویستە لە رێگەی گەیاندنەوەبێت.







## بەگوێرەی توێژینەوەیەکی وڵاتی چین لە( وهان ) دەرکەوتووە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا ( کۆڤید – 19 ) کاریگەری هەیە لەسەر ئافرەتی دووگیان و کۆرپەلەکەی:

- ✓ نەخۆشی گوازراوەی ( کۆڤید – 19 ) بەشێوەیەکی زۆر خێرا بە جیهاندا بڵاوبووتەوە، ژمارەی زۆر بەرچاو خەڵك تووش دەبن.
- ✓ ئافرەتی دووگیان و منداڵ تووشبوویان بە ( کۆڤید – 19 ) ڕێژەکەی بەرزە بەهەمان شێوە. تەنها 19 منداڵ لە دایك بوون کە دایکیان تووشبوون بە ( کۆڤید – 19 ). بە پێی ئەو زانیارییانەی ئێمە هەمانە منداڵی تازە لە دایك بوو دەستنیشان نەکراوە کە تووش بووبێت تاوەکو ئێستا. وە لە هیچ شوێنێك بڵاونەکراوەتەوە.
- ✓ لەم توێژینەوەیە هەموو منداڵە تازە لە دایك بووەکان لە دایکی تووشبوو بە ( کۆڤید – 19 ) تووشبوون بە نەخۆشخانەی منداڵانی ( وهان ) لە چاینەدا. ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ڕووخسەتی مۆڵەتی ڕێکارە یاسایەکانی تەندروستی ئەنجام دراوە. زانیارییە نووسراوەکان هەمووی لە دایکی منداڵە تووشبووکانەوە وەرگیراوە. دیاریکردن و بەڕێوەبردنی حاڵەتەکانیش وە مەترسییەکانی ( کۆڤید – 19 ) لە ژێر ڕۆشنای ئەو ڕێنمای و ڕێکاری یاسای تەندروستی لە چین دەردەچێت ئەنجامدراوە.
- ✓ هەموو داتا و زانیارییەکان بە پێی سیستەمی تەندروستی لەسەر ئاستی جیۆگرافی و بڵاوبوونەوەی شوێنی نەخۆشەکە تۆمارکراون و وەرگیراون، سەرباری ئەوەش کیمی ( SARS – COV2 ) ڕیاڵ تایم تێست و RCR فلۆر بەکارهاتووە.هەروەها نموونەکان لە قوڕگ و لووت و کۆم وەرگیراون لە مانگی ( 1 – 2020 ) – ( 2 – 2020 )کارەکە ئەنجام دراون.

## ئەنجام:

( 32 ) منداڵی تازە لە دایك بووی تووشبووی بە ( کۆڤید – 19 ) دەرکەوت تەنها ( 3 ) منداڵیان هەڵگری ڤایرۆسەکەن و تووشبوون، وە دیارترین نیشانەیان هەناسەدانی بەشێوەی کورت ( 4 منداڵی لەو 33 ) دانەیە هیچ حاڵەتێکی مردنیش تۆمارنەکراوە:

ئەو سێ منداڵە تووشبووە بەم شێوە لە دایك بوون:

یەکەم منداڵی تووشبوو بە ( کۆڤید – 19 ) بە ( 40 ) هەفتە لە دایك بووە بە شێوازی نەشتەرگەری لەبەرئەوەی دایکەکە توشبوو، هەناسەی باشی نییە. تووشی هەوکردنی سییەکان بووە.

- منداڵەکەی دووەم بە (40) هەفتە و دوو ڕۆژ لە دایك بوون هەمان شێوەی یەکەم بە نەشتەرگەری، وە بەهەمان هۆی پێشوو کە دایکەکە هەیەتی هەوکردنی سییەکان.

نیشانەکانی کە هەیان بوو بریتی بوو لە ڕشانەوە،بێ تاقەتی و تا بەلاَم فیزیکاڵی هیچ نیشانەیەك بە دیارنەکەوتووە.

تێستی تاقیگەی Elevated creative of Leukocytosis, Lymphocy topenia kinase – MB Fraetin)

- تیشکی سینگ دەرکەوتووە (Pneumaniu)

وە تیستی (SARS – cov2) لە ڕۆژی دووەم و چوارەم (+ve) بوو بەلاَم لە ڕۆژی شەشەم (-ve) بوو لەو نمونانەی کە لە قورگ و لووت و کۆم وەرگیرابوون.

- منداڵی سێیەم بە (31) هەفتە و (4) ڕۆژ لە دایك بووە بە نەشتەرگەری بەهەمان شێوەی دووانەکەی پێشوو (m fonts Apgar scores were 3,4 and 5 at 1,5 of 10)

( Neonatal Resp. distress synd. Pneumonia)

دوای لە دایك بوون، منداڵەکە لە دایك بووەکە دڵنیای کرابووە بە (Radiographic imdge)

لەو (33) منداڵەی کەوا تووشبوون و مەترسی (کۆڤید – 19) لەسەرە کە نموونەی لێ وەرگیراوە، وەرگردنیشیان لەسەر خواستی خۆیان بووە، 1 – 2 – 5 لەو (33) منداڵە نیشانەکانی (کۆڤید – 19) لەسەربووە، هەر لەسەرەتاوە نیشانەکانی تووشبوونی (کۆڤید – 19) لەسەر بووە، دیارە زیاتر نیشانەکانی (کۆڤید – 2) بوونە واتا ئەگەر هەشبێت نامێنێ زوو ئەو نیشانانە لە ناو دەچن. لە (٪9) لەو (33) منداڵەی کەوا لە دایك بوون لە دایکەکانیان کە تووشی (کۆڤید – 19) بوون، خۆ ئەوانیش مەترسی تووشبوونیان هەیە و سێ دانەشیان تووشبوونە، واتا لە (٪9)ی ئەو منداڵانەی کەوا دایکیان تووشبووە کە لە دایك دەبن (٪9) پێشبینیان بۆ کراوە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ تووشی (کۆڤید – 19) بن، وە ئەوانەی تریش مەترسیان لەسەرە. لە هەمان کاتیشدا نیشانەکانی ساریشیان لەسەرە کە (کۆڤید – 2) یە، دیارە لە سەرەتا کە نیشانەکانی (کۆڤید – 2) لەسەرە. دەردەکەوێت بەهۆی نەشترەگەری و ئەو

کێشانەی لە سیستەمی هەناسەدان دروست دەبێت، ئەگەری هەیە منداڵەکە لە دایکەکەی بۆی گوازرابێتەوە و تووشی ئەم ڤایرۆسە بووبێت.

وە لە دوو توێژینەوەی نوێ کە کراوە کە ژمارە یەك و دوون کە ئاماژەی پێکراوە کە هیچ کاریگەریەکی لەسەر دایکەکە دروست کردبێ، وە ئەو نموونانەی کە وەرگیراون لە شیر و ئەو ئاوەی لە منداڵەکە تێیدایە کە هی دایکەکەن پشکنینەکە بە نێگەتیڤی دەرچووە. بۆیە لەم توێژینەوەیە بۆمان دەردەکەوێت کاتێ منداڵەکە هیچ تووشبوو نەبووە، پێویستە جیابکرێتەوە و ئەوانەی گە تووشبوویان هەیە پێویستە لە دایکەکە جیابکرێتەوە و دایکەکە کەرەنتینە بکرێ و منداڵەکەش بە جیا چارەسەری بکرێ.

## سەرچاوە:


1- Department of Neonatology, Institute of Maternal and Child Health, Wuhan Children's Hospital, Tongji Medical College, Huazhong University of Science and Technology, Wuhan, China.

2- Department of Neonatology, Maternal and Child Health Hospital of Hubei Province, Wuhan, China.

3- National Children's Medical Center, Children’s Hospital of Fudan University, Shanghai, China.

4- Institute of Maternal and Child Health, Wuhan Children's Hospital, Tongji Medical College, Huazhong University of Science and Technology, Wuhan, China

JAMA Pediatr. Published online March 26, 2020. doi:10.1001/jamapediatrics.2020.0878.

5- Reviewed by: Lisa Hollier, MD,MPH, FACOG, Baylor College of Medicine, Houston, TexasLisa Hollier, MD,

Last updated: March 25, 2020 at 3:55pm.


**بەهیوای تەندروستیەکی باش بۆ دایکان و کۆرپەکانیان**